### لە گشتگیری فەرمیەوە بۆ نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینە:

# یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ماف و بەشداری کرێکارانی شکستەبار و پەراوێزخراو دەکەن

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی

منظمة السلام والحرية

PFO

Peace and Freedom Organization

2026

WWW.PFO-KU.ORG

@PFOORG

## ئێمە کێین

رێکخراوی  ئاشتی وئازادی, رێکخراوێکی  ناحکومی و قازانج نەویستە, سەربەخۆیە لەکارو بڕیاردان ، بڕوای بەکاری خۆبەخشی هەیە و کار بۆ سەقامگیری ئاشتی و پاراستن وداکۆکی لە ئازادییەکانی تاك وکۆمەڵ و پتوترکردنی مافەکانی مرۆڤ  دەکات و بڕوای وایە ناتوندوتیژی تاکە رێگەیە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان.

## ئامانجی گشتی:

بەشداربوون لە سەقامگیرکردنی ئاشتی و پتەوکردنی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ

## ئامانجە تایبەتەکان:

- چەسپاندنی ئاشتی و پێکەوە ژیان ورۆحی لێبوردن ولێبوردەیی لە هەرێمی کوردستان.
- هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بە ماف و ئازادییەکان.
- بڵاوکردنەوەی هزری ناتوندوتیژی وەك تاکە رێگە چارەیەك بۆ گەیشتن بە مافەکان .
- بەرنگاربوونەوەی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی وجیاوازیکردن وچەوساندنەوەی مرۆڤ.
- بونیادنانی توانامرۆییەکان

بەرهەمهێنانی تاکێکی کارا لەکۆمەڵگا کە بڕوای بە ئاشتی وپێکەوە ژیان ولێبوردەیی و ئازادییەکانی تاك و ئازادییە گشتییەکان هەبێت و،دان بنێت بە مافەکانی مرۆڤ و هەوڵبدات بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتی.

## 1. پێشەکی:

ئەم پوختەی سیاسەتە ئەوە دەخاتە ڕوو کە یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ماف و بەشداریی کرێکارانی شکستەبار(Vulnerable) و پەراوێزخراو (Marginalized) دەکەن؛ لەوانەش کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندام، کرێکارانی کۆچبەر و پەنابەر، کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان، هەروەها ژنان و گەنجان. ووردتر بڵێین، پوختەکە سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی تاچەند یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان لە ڕێگای سیاسەت و ڕێکارەکانیانەوە پابەندن بە پرەنسیپی گشتگیری و تاچەند ئەم پابەندیە لە واقیعدا ڕەنگیداوەتەوە. بەمانایەکی تر، تاچەند پابەندیەکان دەبنە هۆی نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گونجاو، چاودێریکردن، داکۆکیکردن و بەشداریکردن لە بڕیاردان.

لە ڕووی میتۆدۆلۆژیەوەو بۆ کۆکردنەوەی داتا و ئەنجامدانی شیکردنەوەکان، پشت بە پرسیارنامەیەکی ڕێکخراو بەستراوە کە لەلایەن سەرۆک و نوێنەرانی یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکانەوە پڕکراوەتەوە. 21 یەکێتی و سەندیکای کرێکاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەک نمونە وەرگیراون و شیکردنەوە بۆ وەڵامەکانیان کراوە. لەهەمان کاتدا، هەشت چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە (Semi-structured Interview) لەگەڵ چالاکانی مەدەنی بواری مافەکانی کرێکاران، پسپۆڕان، بەرپرسانی حکومی پەیوەندیدار و ئەندامانی یەکێتی و سەندیکاکرێکاریەکان ئەنجامدراوە. گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم پوختەی سیاسەتە بەشێکە لە چالاکییەکانی پرۆژەی **"ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کەمکردنەوەی نایەکسانی "**، کە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی (PFO) بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی فریاگوزاریی میللەتی نەرویجی (NPA) جێبەجێی دەکات.

دەرەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بۆشایی هەستپێکراو لەنێوان کراوەیی فەرمی/ ناساندن (Recognition) و بەشداریی ڕاستەقینەدا هەیە. هەرچەندە ٦٦.٧ لە سەدی بەشداربووەکان ڕایانگەیاندوە کە سیاسەتێکی تایبەتیان هەیە بۆ پشتگیری لە بەشداریی ژنان، گەنجان و کەمینەکان لە بڕیاردان، بەڵام میکانیزمی دامەزراوەیی کە کاریگەری دروست بکات لەسەر بەشداریکردنی ڕاستەقینە کەمتر بەردەستن، ٥٧.١ لە سەدی سەندیکاکان هیچ کورسی، لیژنە یان پێکهاتەیەکی تایبەتیان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت نیە، و ٩٥.٢ لە سەد ڕایانگەیاندووە کە کرێکارانی کۆچبەر لە سەرکردایەتیی سەندیکاکاندا نوێنەرایەتیان نیە. نوێنەرایەتی کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان بەبەراورد بە گرووپەکانی تر تارادەیەک باشترە، بە جۆرێک کە ٦١.٩ لە سەدی یەکێتی و سەندیکاکان ڕایانگەیاندوە ئەم گرووپانە لە دەستە باڵاکانی یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەرایەتی دەکرێن. بە گشتی، ئەم دەرەنجامانە ئەوە نیشان دەدەن کە مافی ئەندامبوون یان هەبوونی سیاسەتێکی گشتی بۆ گشتگیری و لەخۆگرتن، بە تەنها بەس نیە بۆ ئەوەی کرێکارانی شکستەبار و پەراوێزخراو بتوانن کاریگەریی ڕاستەقینەیان هەبێت لەسەر بڕیارەکانی یەکێتی و سەندیکاکرێکاریەکان. گشتگیریی کاریگەر پێویستی بە ڕێسای ڕوونتر بۆ نوێنەرایەتیکردن، خزمەتگوزاریی دەستپێگەیشتوو و ئاراستەکراو (Targeted Services)، چاودێریکردن، داکۆکیکردنی بەردەوام، و هاوکاریی و هەماهەنگی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە هەیە کە نوێنەرایەتی گرووپە شکستەبار و پەراوێزخراوەکان دەکەن.

ئەم دەرەنجامانە پێویستە لە چوارچێوەی سنووری هەڵسەنگاندنەکە و سنورداری ئەو ئامراز و میتۆدانە بخوێندرێنەوە کە بەکارهێنراون. ئەو یەکێتی و سەندیکا کرێکاریانەی بەشداریان لەم هەڵسەنگاندنەدا کردووە، ناتوانرێت بە شێوەی ڕەها وەک نوێنەری هەموو یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەژماربکرێن. لەهەمووی گرنگتر،

> **---------- پەیامی سەرەکی ---------**
>
> یەکێتی و سەندیکا کرێکارییەکان پێویستە تەنها بە دەربڕینی پابەندبوونی گشتی نەوەستن، بەڵکو هەنگاوی کرداری بنێن بۆ دڵنیابوون لە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی گرووپە جیاوازەکان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گونجاو و بەردەست، چاودێریی بەردەوام لە پێداویستی و کێشەکانی کرێکاران، و هەماهەنگیکردنی زیاتر لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کار بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندیی کرێکارانی شکستەبار و پەراوێزخراو دەکەن.

ئەنجامەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەو زانیاریانە بەستوە کە خودی نوێنەری دامەزراوەکان پێشکەشیان کردووە، و هەڵسەنگاندنەکە بەپێی پێویست پشتڕاستی ئەوەی نەکردۆتەوە کە ئایا سیاسەت و چالاکییە ڕیپۆرتکراوەکان بە تەواوی جێبەجێ کراون یان نا یاخوود تا چەند کاریگەر بوون. هەرچەندە چاوپێکەوتنەکان تاڕادەیەک یارمەتی دەرن لەوەی باشتر لە دەرەنجامەکان تێبگەین، بەڵام بەهۆی کەمی ژمارەی چاوپێکەوتنەکان **(هەشت چاوپێکەوتن)**، دیسان ناتوانین ئەنجامەکانیان بگشتێنین، هەروەک چۆن ناتوانرێت ئەم چاوپێکەوتنانە وەک ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی کرێکارانی شکستەبار و پەراوێزخراو سەیر بکرێن. بۆیە، دەکرێت توێژینەوە و هەڵسەنگاندنەکانی داهاتوو تەرکیز بخەنە سەر خودی کرێکارانی سەر بە گرووپە جیاوازەکان و لە ڕێگای چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ یان بازنەی گفتوگۆ (Focus Group) لەگەڵ ژنان، گەنجان، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندام، کرێکارانی کۆچبەر و پەنابەر، و کرێکارانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان واقعی بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنیان بخرێتە ڕوو.

## 2. چوارچێوەی سیاسەت و بازاڕی کار بۆ پەرەپێدانی بەشداری گشتگیر لە یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان:

یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە بازاڕێکی کاردا کار و چالاکی ئەنجام دەدەن کە هێشتا گیرۆدەی کێشەکانی وەک کاری نافەرمی، بێکاری و نایەکسانی لە دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی کارە. لەم چوارچێوەیەدا، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) لە هەوڵەکانی ئەم دواییەیدا جەخت لەسەر فراوانکردنی دەرفەتەکانی کار، بە تایبەتی بۆ گەنجان، و بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانە دەکاتەوە کە پشتگیری لە کرێکاران دەکەن بۆ چوونە ناو بازاڕی کار و بەردەوامبوون لە کار[1]. نەتەوە یەکگرتووەکانیش پشتگیری لە **ستراتیجی نیشتمانی عێراق بۆ پێشگیری و کەمکردنەوەی نایەکسانیەکان لە جیهانی کار** کرد ووە؛ ستراتیژیەک کە جەخت لەسەر مامەڵەی دادپەروەرانە و پاراستنی بەهێزتر لە دژی جیاکاری دەکات. [2]

لە هەمان کاتدا، ڕاپۆرت و شیکاریەکانی پێشووی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ئاماژە بەوە دەکەن کە سەندیکاکان لە چوارچێوەیەکی یاسایی نادیار و ئاڵۆزدا کار دەکەن، بە تایبەتی بەهۆی ناکۆکی نێوان بنەمای فرەسەندیکایی و سیستەمی کۆنی تاک سەندیکایی. هەروەها، هەندێک لە فیدراسیۆن و یەکێتیە سەندیکاییەکان لاوازن لە ئاست هەماهەنگی نێوان خۆیان و گەیاندنی کێشە و پێداویستیە ڕۆژانەکانی کرێکاران بە ڕای گشتی. [3]

هەموو ئەمانە پێکەوە جۆرێک لە کاریگەری دادەنێن لەسەر لاوازکردنی توانای یەکێتی و سەندیکاکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی کارا و دادپەروەرانەی کرێکاران، بە تایبەتی **ژنان، گەنجان، کرێکارانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان**، و ئەو کەسانەی لە کەرتی نافەرمی یان لە کارە ناسەقامگیرەکان کار دەکەن. بۆیە، یەکێتی وسەندیکا کرێکاریەکان پێویستیان بە پاراستنی یاسایی ڕوونتر، هەماهەنگی بەهێزتر و سیستەم و میکانیزمێکی ناوخۆیی کاراتر هەیە بە شێوەیەک کە کرێکارانی شکستەبار و پەراوێزخراو تەنها ئەندامی فەرمی نەبن، بەڵکو دەنگ و کاریگەریی ڕاستەقینەیان لە بڕیاردان و کاری سەندیکاییدا هەبێت.

لە سایەی زیادبوونی فشارە ئابووریەکان و کێشەکانی کار، کە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر بوون، پێویست بوون بە یەکێتی و سەندیکای کرێکاریی بەهێزتر و گشتگیرتر تا دێت زیاتر هەستی پێدەکرێت. ڕاپۆرتی چاودێریی **ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی** لە ساڵی ٢٠٢٦ ئاماژە بە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی فراوانی کرێکاران دەکەن. ئەم ناڕەزاییانە بەهۆی دواکەوتنی مووچە، کەمکردنەوەی مووچە، دەرکردن لە کار، گرێبەستی کاتی، نەبوونی دامەزراندنی هەمیشەیی و لاوازیی لە ڕوومالی دەستەبەری کۆمەڵایەتیەوە سەریانهەڵداوە. هەروەها، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە لەدەستدانی ژمارەیەکی بەرچاو لە دەرفەتەکانی کار دەکات لە کەرتی تایبەت و لەناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە چۆن بەهۆی

1 ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) و وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق بەرنامەی نیشتمانی «یانەی گەڕان بەدوای کار»یان دەستپێکرد، لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤. ئەم بەرنامەیە بۆ بەهێزکردنی تواناکانی گەنجانی عێراق لە گەڕان بەدوای کار و ئامادەبوون بۆ دامەزراندن، هەروەها پشتگیرییان بۆ چوونە ناو بازاڕی کار، دامەزراوە.
https://www.ilo.org/resource/news/ilo-and-ministry-youth-and-sport-launch-job-search-club-national-programme?utm_source=chatgpt.com

2 ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق. ستراتیجی نیشتیمانی عێراق بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی لە جیهانی کار. 2024

3 ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی. ڕەوشی مافەکانی کرێکاران و ئازادی کاری سەندیکایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان. ٢٠٢٣. لاپەڕە 6-9

لاوازی سیستەمەکانی پاراستن، کرێکاران بە ئاسانی کار و سەرچاوەی داهاتیان لەدەست دەدەن. [4]

لاوازیی سیستەمی پاراستنی مافەکانی کرێکاران فشارەکانی سەر کرێکاران زیاتر دەکەن. ڕاپۆرتی چاودێری ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی بۆساڵی ٢٠٢٤ ئەوە دەخاتە ڕوو کە کۆنی یاساکانی کار و یاسای کاری سەندیکایی، لاوازیی چاودێری و پشکنینی شوێنەکانی کار، جێبەجێنەکردنی تەواوی پێوەرەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر مافەکانی کرێکاران لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە. کرێکارانی کەرتی نافەرمی و ئەو کرێکارانەی لە چوارچێوەی سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکاریەکاندا ڕێک نەخراون، زیاتر ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە لە دەستگەیشتن بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافەکانیان. [5]

فشارەکان بە تایبەتی بۆ کرێکارانی کۆچبەر، کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، ژنان، گەنجان و ئەو کەسانەی ئاوارەبوون دەکرێت زیاتر و کاریگەرتربن. ڕێکخراوی کۆچی نێودەولەتی (IOM) ئاماژە بەوە دەکات کە عێراق زیاتر لە ٣٧٠ هەزار کرێکاری کۆچبەری تێدایە. ڕێکخراوەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی دامەزراندنی دادپەروەرانە، ڕێکخستنی کۆچ بە شێوەی یاسایی، و پاراستنی باشتر بۆ کرێکارانی کۆچبەر. [6]

هەروەها، ڕێکخراوی کۆچ ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئاوارەکان و ئەو کەسانەی گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان، بەدەست کێشەکانی وەک دەرفەتی کەمی کار و کەمی داهات، هەڵوێستی نەرێنی کۆمەڵایەتی\پەڵەی کۆمەڵایەتی (Stigma)، و بەربەستەکانی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان دەناڵێنن. ئەم کێشانە بۆ ژنان، کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و گرووپە پەراوێزخراوەکانی تر زیاترن. [7]

لە هەمان کاتدا، بەرنامەی گەشەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) لە کۆڕبەندی نیشتمانی تایبەت بە بەشداریی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، داوای فراوانکردنی بەشداری ئەم گروپە دەکات لە ژیانی ئابووری و زیادکردنی دەرفەتی گونجاو [8]. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیش ئاماژە بەوە دەکات کە نە حکومەتی فیدراڵی عێراق و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان پشکی یاسایی ٥٪ کە وەک سیستەمی کۆتا دیاریکراوە بۆ دامەزراندنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەرتی گشتی بە تەواوی جێبەجێ ناکەن. هەروەها، جێبەجێکردنی پشکی ٣٪ لە کەرتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵیش لاوازە. هەروەها جەخت کراوەتەوە کە تەنها دیاریکردنی پشک بۆ دامەزراندن بەس نیە. بۆ ئەوەی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەشداریی بازاڕی کار بکەن، پێویستە یاساکانی دژ بە جیاکاری بە جددی جێبەجێ بکرێن، شوێنی کار بەپێی پێداویستیان بگونجێندرێت، دەستگەیشتن بە شوێن و دەرفەتی کار ئاسانتر بکرێت، و چاودێریی کاریگەر بەسەر خاوەنکاران و دامەزراوە گشتییەکاندا هەبێت. [9]

ئەم دەرئەنجامانە ئەوە نیشان دەدەن کە پێویستە یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان ڕۆڵێکی فراوانتر بگێڕن؛ بە تایبەتی

4 ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی. سەدان خۆپیشاندان و هەزاران خۆپیشاندەر. ڕاپۆرتی چاودێریکردن. 2026. https://pfo-ku.org/images/2017/pdf/001Iraqworker2026.pdf

5 ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی.2024. ڕەوشی مافەکانی کرێکاران و ئازادی کاری سەندیکایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە نیوەی یەکەمی 2024 https://pfo-ku.org/images/2017/pdf/Krekaranikee.pdf.

6 International Organization for Migration, “Iraq Launches Its First National Plan to Promote Safe, Orderly and Regular Migration,” 27 August 2025. IOM reported that Iraq hosted more than 370,000 migrant workers. https://www.iom.int/news/iraq-launches-its-first-national-plan-promote-safe-orderly-and-regular-migration?utm_source=chatgpt.com

7 International Organization for Migration, Iraq Crisis Response Plan 2025 (Geneva: IOM, 2025). The plan identifies limited livelihoods, stigma, harassment, and restricted access to services as risks affecting displaced and returning populations, particularly women, persons with disabilities, and marginalized groups. https://crisisresponse.iom.int/index.php/response/iraq-crisis-response-plan-2025?utm_source=chatgpt.com

8 United Nations Development Programme, “Empowering All Abilities: Iraq’s First Forum for Disability Inclusion,” 11 July 2024 https://www.undp.org/iraq/press-releases/empowering-all-abilities-iraqs-first-forum-disability-inclusion?utm_source=chatgpt.com

9 Human Rights Watch, “Iraqis with Disabilities Excluded from Jobs: Persistent Failure to Ensure Right to Work; Quotas Unfilled,” June 4, 2024. https://www.hrw.org/news/202404/06//iraqis-disabilities-excluded-jobs?utm_source=chatgpt.com

لە گەیشتن بەو کرێکارانەی کە لە دەرەوەی شوێنە باوەکانی کارکردندا کار دەکەن، هەروەها چاودێریکردنی شێوازی مامەڵەی خاوەنکاران، پێشکەشکردنی زانیاری ڕوون و بەردەست بە چەندین زمان، یارمەتیدانی کرێکاران بۆ ناو تۆمارکردن لە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، و دڵنیابوون لەوەی کرێکارانی شکستەبار و پەراوێزخراو بتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە سەرکردایەتی و پرۆسەی بڕیاردانی دەستەجەمعی بەشدار بن.

## 3. بۆچی بەشداریی ڕاستەقینەی گروپە شکستەبار و پەراوێزخراوەکان لە یەکێتی و سەندیکا کرێکارییەکان گرنگە؟

ئەزموون و چاودێریکردنی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە ماوەی زیاتر لە دە ساڵی ڕابردوودا لە کارکردن لە بواری مافەکانی کرێکاران و ئازادی کاری سەندیکایی و گشتگیری لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەوە نیشاندەدات کە لەخۆگرتن و گشتگیریی ڕاستەقینە تەنها بە ئەندامبوونی کرێکاران لە یەکێتی و سەندیکاکاندا ناپێورێت. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە تاچەند گرووپە جیاوازەکانی کرێکاران دەتوانن لە پرۆسەی بڕیارداندا بەشدار بن، کاریگەریان لەسەر ئەولەویات و ئاراستەی کاری یەکێتی و سەندیکاکاندا هەبێت، دەستیان بە میکانیزمەکانی پاراستن و خزمەتگوزارییەکان بگات، و کێشە و بەربەستە تایبەتەکانیان بناسرێن و بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاوی کرداری بنرێت. ئەم تێگەیشتن و زانیاریانەی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بنەما و ستاندارده نێودەوڵەتیەکانی کار، بە تایبەتی بنەماکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) سەبارەت بە ئازادیی کاری بەکۆمەڵ و کۆمەڵەکان، نەهێشتنی جیاکاری، نوێنەرایەتیکردن، گفتوگۆی کۆمەڵایەتی، و بەرپرسیارێتی هەڵگرتن یەکدەگرێتەوە.

**لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانرێت گشتگیریی ڕاستەقینە لە چوار ڕەهەندی سەرەکیدا کورتبکرێتەوە:**

١-نوێنەرایەتیکردن وهەبوونی دەنگی گروپە جیاوازەکانی کرێکاران؛
٢- دەستگەیشتنی یەکسان و نەهێشتنی جیاکاری؛
٣-پاراستن و بەردەستبوونی خزمەتگوزاریەکان؛
٤- بەرپرسیارێتی هەڵگرتن و کاری بەردەوام.

ئەم چوار ڕەهەندە چوارچێوەیەکی کرداریمان بەردەست دەخات بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئایا یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان تەنها لە ڕووی فەرمیەوە بەڕووی هەمووانداکراوەن و هەموو گروپە جیاوازەکانی کرێکاران دانیان پێدانراوە و ناسێنراون، یان هەر بە ڕاستی بونیاد و شێوازی کارکردنیان بەجۆرێکە کە ڕێگە بە کرێکارانی شکستەبارو پەراوێزخراو دەدات بەشدار بن، دەنگیان ببیسترێت، کاریگەرییان لە بڕیارەکان هەبێت و مافەکانیان پارێزراوبێت.

## 4. لەخۆگرتنی کرێکارانی شکستەبار و پەراوێزخراو : گرنگترین کێشەو بەربەستەکان

ئەو یەکێتی و سەندیکا کرێکاریانەی وەک نمونە وەرگیراون، سیاسەت و پابەندبوونی فەرمیان هەیە بۆ لەخۆگرتنی کرێکارانی شکستەبار و پەراوێزخراو. بەڵام، هێشتا ڕێکار و میکانیزمی پێویست و کاریگەریان دانەڕشتووە کە بەجۆرێک بێت پابەندیەکان بکەنە بەشداریی ڕاستەقینە و بەردەوام، کاریگەریان هەبێت لەسەر سەرکردایەتی و بڕیاردان، و پشتیوانیی گونجاو مسۆگەربکەن بەپێی پێویستی گرووپە جیاوازەکان. ئەم ئەنجامانەی خوارەوە سەرەکیترین کەلێن و بۆشایی ڕێکار و میکانیزمەکان نیشان دەدەن.

### 4.1. سیاسەت و ڕێنماییە فەرمییەکان هەمیشە نابنە هۆی بەشدارییەکی ڕاستەقینە و کاریگەر.

زۆربەی بەشداربووان ئاماژەیان بەوە کردووە کە جۆرێک لە سیاسەت یان ڕێنماییان هەیە بۆ پشتگیری لە بەشداری ژنان[10] ، گەنجان و کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان لە پرۆسەی بڕیاردانی ناو یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان. ١٤ سەندیکا کە دەکاتە ڕێژەی (٦٦.٧) سیاسەتێکی تایبەتیان هەیە، ٦ سەندیکا کە دەکاتە (٢٨.٦%) سیاسەتێکی گشتیان هەیە، و تەنها یەک سەندیکا بەڕێژەی (٤.٨) هیچ سیاسەتێکی لەم جۆرەیان نیە بۆ بەشداری کرێکارانی ڕەگەزی مێ، گەنجان و پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان.

10 لە ماوەکانی داهاتوودا، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی پوختەیەکی سیاسەتی تر بڵاودەکاتەوە کە تەرکیز دەبێت لەسەر بەشداری و نوێنەرایەتی و بابەتەکانی پەیوەست بە کاروباری ژنان لە یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

ئەم ئەنجامانە ئەوە دەخەنەڕوو کە زۆربەی یەکێتی و سەندیکاکان بە شێوەی فەرمی گرنگی بە بەشداری کرێکاران لە گرووپە جیاوازەکان دەدەن. بەڵام، هەبوونی سیاسەت بە تەنها واتای ئەوە نیە کە ئەم گرووپانە بەشداریەکی ڕاستەقینە و کاریگەریان لە بڕیارداندا هەیە. بەتایبەتی، سیاسەتە گشتییەکان کە لەوانەیە بە ڕوونی ئەوە دیاری نەکەن کە کام گرووپ دەبێت نوێنەرایەتی بکرێت، نوێنەرەکان چۆن هەڵبژێردرێن، چەند دەسەڵاتیان لە بڕیارداندا هەبێت، یان جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە چۆن بەدواداچوونی بۆبکرێت.

توێژینەوەکانی پێشووتری ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی[11] ئەم کەلێنۆ و نیگەرانیانە پشتڕاست دەکەنەوە و نیشانی دەدەن کە لە پێکهاتەی سەرکردایەتی و بەشە ناوخۆیەکانی سەندیکاکاندا هاوسەنگی نیە. گەنجان تا ڕادەیەکی زۆر لە پۆست و شوێنی بڕیاردەرەکان دوور بوون؛ هیچ ئەندامێکی مەکتەبی جێبەجێکردنی یەکێتی سەندیکا کرێکاریەکان تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتر نەبووە، و ٪٨٥.١٩ی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی تەمەنیان ٤١ ساڵ یان زیاتر بووە.

هەمان توێژینەوە هەروەها ئەوەی دەرخستووە کە نایەکسانیەکان لە وەرگرتنی پۆستەکانی ناو یەکێتی سەندیکا کرێکاریەکان تەنها لەسەر بنەمای تەمەن نەبوون، بەڵکو نایەکسانی جێندەریش هەیە، بە جۆرێک کە زۆرینەی پۆستەباڵاکان لەلایەن پیاوانەوە پڕکرابوونەوە. بە گشتی، ئەم ئەنجامانە نیشانی دەدەن کە گەنجان و ژنان دەرفەتی یەکسانیان بۆ بەشداری لە بڕیاردان و لە پێکهاتە و دامەزراوە ناوخۆییەکانی یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکاندا نەبووە.

هەموو ئەم دەرەنجامانە یەکدەگرنەوە لەگەڵ دەرەنجامی چاوپێکەوتنەکان و ڕاستی دۆخی نایەکسانی لەسەر بنەمای تەمەن و جێندەر پشتڕاست دەکەنەوە. چالاکوانێکی گەنج لە کەرکووکەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە، سەرەڕای بوونی بزوتنەوە و چالاکی گەنجان لە سەرانسەری عێراق، هێشتا گەنجان بە دەگمەن لە پۆستەکانی بڕیاردانی یەکێتی و سەندیکاکاندا دەبینرێن. هەروەها، بەشداری ژنانیش هێشتا کەمە و بەپێی پێویست نیە، کە بەشێک لەوەش پەیوەندی بە بیرکردنەوەی پیاوسالارانەی هەندێک لەو کەسانەوە هەیە کە بڕیاردەرن لەناو یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان.

> "بزوتنەوەکانی گەنجانەکان لە سەرانسەری عێراق چالاکن، بەڵام گەنجان بە دەگمەن لە پۆستەکانی بڕیاردانی سەندیکاکاندا دەبینرێن. هەروەها، ژنان هێشتا نوێنەرایەتییەکی کەمیان هەیە، چونکە لای هەندێک لە بڕیاردەرانی سەندیکاکان هێشتا بیرکردنەوەی پیاوسالاری بەردەوامە."
>
> **چالاکوانێکی گەنج، کەرکووک**

بە هەمان شێوە، چالاکوانێکی مافەکانی ژنان و مافی کرێکاران لە بەغداوە ئاماژەی بەوە کردووە کە تەنانەت کاتێک ژنان لەپۆست و پێکهاتەکانی بڕیاردانی یەکێتی و سەندیکاکاندا ئامادەن، بەڵام دوا بڕیار ئەوان نایدەن و لەوانەیە کاریگەریان لەسەر بڕیارە کۆتاییەکان سنووردار بێت.

بە گشتی، ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسیە، توێژینەوەکانی پێشووتری ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، و چاوپێکەوتنەکان هەموویان نیشانی دەدەن کە جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان دانپێدانانی فەرمی بە بەشداری و نوێنەرایەتی ڕاستەقینە و کاریگەر هەیە. هەبوونی سیاسەتێک بۆ بەشداریکردن هەنگاوی یەکەمە و گرنگە، بەڵام بۆ گەیشتن بە بەشدارییەکی مانادار، پێویستە ڕێکاری ڕوون هەبن بۆ نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی کرێکارانی شکستەبار و پەراوێزخراو، دەرفەتی یەکسانتر بۆ گەیشتن بە پۆستەکانی سەرکردایەتی دابین بکرێن و مسۆگەربکرێن، دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان لە بڕیارداندا پێبدرێت، و هەنگاوی کرداری بگیرێتەبەر تا ژنان و گەنجان بتوانن کاریگەری لەسەر ئەولەویەتەکان و شێوازی بەڕێوەبردنی یەکێتی و سەندیکاکرێکاریەکان هەبێت.

11 ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی.(٢٠١٧). ئازادی کاری سەندیکایی و ڕەوشی یەکێتی و سەندیکا کرێکارییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

**سیاسەتێکی بەهێزتر دەبێت ئەمانە لەخۆ بگرێت:**

* ئاماژەی ڕوون و تایبەت بە هەر یەکێک لەو گرووپە شکستەبار و پەراوێزخراوانەی کە سیاسەتەکە دەیانگرێتەوە.

> ئامادەبوونی گەنجان و ژنان لە یەکێتی وسەندیکا کرێکاریەکاندا زۆر کەمە. تەنانەت کاتێک ژنان لە پێکهاتەکانی بڕیاردانا ئامادەن، زۆرجار دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان نیە و بڕیارە کۆتاییەکان هێشتا لە دەستی پیاواندان. ئەمە جێگەی نیگەرانیە، بەتایبەتی چونکە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران ژنن.
>
> **چالاکوانێکی مافی ژنان و مافی کرێکاران، بەغدا**

* دیاریکردنی ڕێکاری ڕوون بۆ کاندیدکردن، هەڵبژاردن، یان تەرخانکردنی کورسی بۆ نوێنەرایەتیکردن.
* دابینکردنی مافی دەنگدان و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بڕیاردان بۆ نوێنەرەکانیان.
* دابینکردنی ڕێوشوێنی گونجاو و بەردەست بۆ بەشداریکردن، لەگەڵ ئاسانکاری پێویست بۆ لەخۆگرتن.
* بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانە دەربارەی نوێنەرایەتیکردن، سکاڵاکان، بەرنامەکان و ئەنجامەکان.

## 4.2. هێشتا بەشداری و لەخۆگرتنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ناتەواو و نارێکخراوە:

ئەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بەشداری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یەکێتی و سەندیکا کرێکارییەکاندا هێشتا بە شێوەی یەکسان و ڕێکخراو و دامەزراوەیی جێبەجێ ناکرێن. هەرچەندە هەندێک لە یەکێتی و سەندیکاکان ئەوەیان ڕیپۆرتکردووە کە ڕێکاری نوێنەرایەتیکردن، چالاکییەکانی داکۆکیکردن، ڕاهێنان و هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجامدەدەن، بەڵام ئەم هەنگاوانە هێشتا لە زۆربەی حاڵەتەکان وەک بەشێک لە سیستەمێکی گشتگیر و یەکگرتوو بۆ بەشداری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کار ناکەن و کاریگەرنین.

زیاتر لە نیوەی یەکێتی و سەندیکا بەشداربووەکان (٥٧.١%) هیچ کورسیەکی تایبەت، لیژنە یان پێکهاتەیەکی تایبەتیان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت نیە. لە بەرامبەردا، (١٩%)یان دەڵێن کە کورسی تایبەتیان هەیە و ڕێژەی ١٤.٣ ئاماژە بەوە دەکەن لە لیژنەیەکی سەربەخۆیان بۆ کاروباری کرێکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە. دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە بە هەرهۆکارێک بێت، ٢ یەکێتی و سەندیکا ئامادە نەبوون زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە ڕیپۆرت بکەن.
هەمان کێشە لە بەدواداچوونی دەرفەتی کارکردنیشدا دەبینرێت. ٤٢.٩%ی یەکێتی و سەندیکاکان وتوویانە فشاریان لە خاوەنکاران کردووە بۆ ئەوەی دەرفەتی کار بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دابین بکەن، و ٩.٥%یش تا ڕادەیەک لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کاریان کردووە. بەڵام ڕێژەی ٣٨.١ پێیان وایە کە ئەم بابەتە زیاتر بەرپرسیارێتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیە.


بە گشتی، ئەم ئەنجامانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە زۆرێک لە سەندیکاکان هێشتا بەدواداچوون و پشتگیری لە دەرفەتی کار بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتیان بە تەواوی نەکردووەتە بەشێکی سەرەکی لە ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆیان.

وا دەردەکەوێت کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گونجاو بۆ پێداویستیەکانی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان هێشتا سنووردارێت. تەنها 28.6%ی یەکێتی و سەندیکاکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ڕاهێنانی تایبەت پێشکەش دەکەن کە لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم کەسانە بگونجێت، وەک دابینکردنی زمانی ئاماژە یان بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر. لە بەرامبەردا، 33.3%ی یەکێتی و سەندیکاکان تەنها ڕاهێنانی گشتی پێشکەش دەکەن، بەبێ هیچ گونجاندنێکی تایبەت، و 33.3%ی دیکەش هیچ ڕاهێنانێکیان لەم بوارەدا نییە.

لە بواری هۆشیارکردنەوە و پشتگیریی گشتیشدا دۆخەکە هاوشێوەیە. زۆربەی چالاکیەکان ناوبەناون و بە شێوەیەکی

بەردەوام ئەنجام نادرێن. تەنها 14.3%ی یەکێتی و سەندیکاکان هەموو ساڵێک کەمپین ئەنجام دەدەن یان بەردەوام چیرۆکی سەرکەوتنی کرێکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بڵاودەکەنەوە. هەروەها، 38.1% تەنها چالاکی سنووردار ئەنجام دەدەن، کە زۆرجار پەیوەستە بە ڕۆژە نێودەوڵەتیەکان یان بڵاوکردنەوەی ناوبەناوی بابەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان. نزیکەی یەک لە سێی سەندیکاکانیش، واتە 33.3%، هیچ کەمپینێکیان لەم بوارەدا ئەنجام نەداوە.

هاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەسەر کەیسی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی کاردەکەن تا ڕادەیەک باشترە، بەڵام وادیارە هێشتاش بەپێی پێویست و بەردەوام کارلەسەر ئەم بوارەش ناکرێت. نۆ یەکێتی و سەندیکا، واتە 42.9%، ڕایانگەیاندووە کە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کار دەکەن، کەمپین یان چالاکییان ڕێکخستووە. لە بەرامبەردا، 47.6%ی یەکێتی و سەندیکاکان دانیان بەوەدا ناوە کە لەم بوارەدا بە ڕادەی پێویست کاریان نەکردووە.




بە گشتی، ئەم ئەنجامانە ئەوە پیشان دەدەن کە زۆرجار بابەتی بەشدارپێکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندام لە ڕێگەی چالاکی تاکەکەسی یان ناوبەناوەکانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، نەک لە چوارچێوەی سیستەمێکی دامەزراوەیی و یەکگرتوودا.

هەروەها، ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانیش ئەوە دەخەنەڕوو کە لە هەندێک کەرتی کارکردندا بەربەستی تایبەت هەیە. یەکێک لە ئەندامانی سەندیکای کرێکاران لە هەڵەبجە ئاماژەی بەوە کردووە کە کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بە دەگمەن نوێنەرایەتی دەکرێن، چونکە زۆرجار وا دادەنرێت کە کارکردن لە بواری بیناسازی و تەختە پێویستی بە توانای جەستەیی تەواو هەیە. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە جگە لە کەلێنە دامەزراوەییەکان، تێڕوانین و بۆچوونە باوەکان دەربارەی جۆری کار و توانای کرێکارانیش دەتوانن ببنە بەربەستێکی دیکە لەبەردەم نوێنەرایەتی و بەشداریی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت.

## بۆ ئەوەی بەشداریی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە یەکێتی و سەندیکاکاندا مانادار بێت، پێویستە:


* نوێنەرایەتیی دیاریکراویان لە پرۆسەی بڕیاردانی سەندیکادا هەبێت.
* ڕاهێنان و خزمەتگوزاریی گونجاو و دەستڕاگەیشتوویان بۆ دابین بکرێت و گونجاندنی پێویست ئەنجام بدرێت بەپێی دۆخ و پێداویستیەکانیان.
* بە شێوەیەکی بەردەوام چاودێری بەربەستەکانی بەردەم دامەزراندن و کارکردن، هەروەها شێوازی مامەڵەی خاوەنکارەکانیان بکرێت.
* هەڵمەتەکانی پاڵپشتیکردن بەهێزبکرێن و هاوبەشی و هەماهەنگی زیادبکرێت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری مافەکانی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت کاردەکەن.
* پلانی ساڵانە، بودجە بۆ بەرنامەکانی بەشداری و گشتگیرکردن دابنرێن و دەرەنجامەکان و پێشکەوتنەکان بۆ ڕای گشتی بڵاوبکرێنەوە.

## 4.3. کرێکارانی کۆچبەر و پەنابەر: ڕێگەپێدان بۆ ئەندامێتی، بەڵام بەبێ بوونی دەسەڵات لە سەرکردایەتی

ئەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە کەلێنێکی ڕوون و ئاشکرا هەیە لە نێوان مافی فەرمی ئەندامبوونی کرێکارانی کۆچبەر لەگەڵ نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەیان لە ناو پێکهاتەکانی یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکاندا. لە ناو نمونەی وەرگیراوی یەکێتی و سەندیکاکاندا، لە کۆی ٢١ یەکێتی و سەندیکا شازدەیان، کە دەکاتە 76.2%، ڕاپانگەیاندووە کە کرێکاران دەتوانن بەبێ لەبەرچاوگرتنی وولاتینامە\ڕەگەزنامەیان ببنە ئەندام. لە بەرامبەردا، دوو یەکێتی و سەندیکا، واتە 9.5%، ئەندامبوونیان تەنها بۆ هاووڵاتیانی عێراق سنووردار کردووە، سێ یەکێتی و سەندیکای دیکە، واتە 14.3%، زمانێکی گشتیان لە سیاسەت و ڕێنماییەکانیان بەکارهێناوە کە بە ڕوونی ئاماژەی بەوە نەکردووە کە ئایا کرێکارانی کۆچبەر یان پەنابەر دەتوانن ببنە ئەندام یان نوێنەرایەتیان هەبێت لە سەرکردایەتی یەکێتی و سەندیکاکان یاخوود نا.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ڕاستە زۆرینەی یەکێتی و سەندیکاکان ڕێگا بە ئەندامێتی کرێکارانی کۆچبەر و پەنابەر دەدەن، بەڵام وادیارە ئەم کراوەییە نەپەڕیوەتەوە بۆ ئاستی نوێنەرایەتیکردن لە پێکهاتەی سەرکردایەتی و بڕیاردان. بیست لە یەکێتی و سەندیکاکان، واتە 95.2%، ڕاپانگەیاندووە کە هەموو سەرکردایەتیەکەیان لە هاوڵاتی عێراقی پێکهاتوون. تەنها یەکێک لە نوێنەری یەکێتی و سەندیکاکرێکاریەکان، واتە 4.8%، ئاماژەی بەوەکردووە کە کورسیەکی تایبەت یان نوێنەرێکی هەڵبژێردراویان هەیە کە نوێنەرایەتی کرێکارانی کۆچبەر دەکات، و هیچ یەکێتی و سەندیکایەک کرێکارانی کۆچبەری بەشداری پێ نەکردوە وەک ڕاوێژکار یان نوێنەرایەتیکردن لە ناو پێکهاتەکانی .

ئەم ئەنجامانە ئەوە دەخەنەڕوو کە تەنها ڕێگەدان بە کرێکارانی کۆچبەر و پەنابەر بۆ ئەندامبوون لە یەکێتی و سەندیکاکاندا بەس نیە و بە مانای بەشداریی ڕاستەقینە و هەبوونی دەنگی کاریگەری ئەوان نایا. ئەگەر ئەم کرێکارانە دەرفەتی دەنگدان، خۆکاندیدکردن بۆ پۆستەکانی ناو یەکێتی و سەندیکاکان، بەشداربوون لە لیژنەکان، یان کاریگەری دانان لەسەر پرۆسەی دانوستانی بەکۆمەڵ و ئەولەویاتەکانی یەکێتی و سەندیکاکانیان نەبێت، ئەوا ڕاستە لە ڕووی فەرمیەوە ئەندامن، بەڵام لە ڕووی دامەزراوەییەوە لە ناو پێکهاتە و بڕیاردانی یەکێتی و سەندیکاکاندا لەپەراوێزدا دەمێننەوە.




ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانیش ئەوە نیشان دەدەن کە لە واقیع و کرداردا بەربەستی دیکەش هەیە. نوێنەری یەکێک لە یەکێتی سەندیکا کرێکاریەکان لە کەرکوک باس لەوە دەکات کە پەیوەندی لەگەڵ کرێکارانی کۆچبەر زۆرجار لاوازە. بەتێڕوانینی ئەم ئەو پەیوەندیە لاوازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆرێک لە کرێکارانی کۆچبەر بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەمان شوێنی کاردا نامێننەوە. ئەمەش وا دەکات یەکێتی و سەندیکاکان پەیوەندیەکی کاتی و لاوازیان هەبێت لەگەڵیان و ڕێکخستنیان لە ناو یەکێتی و سەندیکاکاندا ئاسان نەبێت.

بە گشتی، ئەم ئەنجامانە ئەوە نیشان دەدەن کە سەرەڕای هۆکاری تر، هەم شێوازی ڕێکخستنی ناوخۆی یەکێتی و سەندیکاکان و هەم ناجێگیری لە کاردا دەکرێت ببنە بەربەست لەبەردەم نوێنەرایەتی کاریگەر و بەشداری ڕاستەقینەی کرێکارانی کۆچبەر و پەنابەر لەناو یەکێتی و سەندیکاکاندا.

بۆ ئەوەی بەشداریی کرێکارانی کۆچبەر و پەنابەر مانادار و کاریگەر بێت، پێویستە یەکێتی و سەندیکاکان:

* بە ڕوونی مافی ئەندامبوون، دەنگدان و خۆکاندیدکردنی کرێکارانی کۆچبەر بۆ پۆستەکانی ناو یەکێتی و سەندیکاکان مسۆگەربکەن.
* نوێنەرایەتیان لە سەرکردایەتی و پێکهاتەکانی بڕیارداندا بۆ دابین بکەن.

* زانیاری و پشتیوانیی ئاسان و دەستڕاگەیشتوویان بۆ دابین بکرێت، لەوانەش خزمەتگوزاری زمان و وەرگێڕان لە شوێنی پێویستدا.
* بە شێوەیەکی بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ کرێکارانی کۆچبەر و پەنابەر ببەسترێت، بە تایبەتی ئەوانەی لە کارێکی کاتی یان سێکتەری ناجێگیردا کار دەکەن.
* چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوام بکرێت بۆ کێشەکانی جیاکاری، کێشەکانی شوێنی کار و دەستڕاگەیشتن بە مافەکان.

## 4.4. کرێکارانی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان: دانپێدانان و ناساندنی باشتر، بەڵام هەنگاوی کرداری ناو بەناو:

هەرچی پەیوەندی بە کرێکارانی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانەوە هەیە، ئەنجامی ڕاپرسییەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە پێکهاتەکان، بە بەراورد بە هەندێک گرووپی تر، نوێنەرایەتیەکی باشتریان لە ناو یەکێتی و سەندیکاکرێکاریەکاندا هەیە، بەڵام هێشتاش هەندێک کەم‌وکورتی بەرچاو هەیە. نوێنەری ١٣ یەکێتی و سەندیکا (٪٦١.٩) وتوویانە کە پێکهاتەکان

"پەیوەندی لەگەڵ کرێکارانی بیانی لاوازە، چونکە زۆرێکیان بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەمان کاردا نامێننەوە. ئەمەش بەردەوامبوونی پەیوەندی و ڕێکخستنیان قورس دەکات "

**ئەندامی یەکێتیەکی سەندیکاکانی کرێکاران لە کرکوک**

بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە دەستە و لایەنە باڵاکانی بڕیاردانەدا نوێنەرایەتی دەکرێن. ٣ یەکێتی و سەندیکا (٪١٤.٣) وتوویانە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان سنووردارە، لە کاتێکدا نوێنەری ٥ یەکێتی وسەندیکا (٪٢٣.٨) ئاماژەیان بەوە کردووە کە سەرکردایەتیەکانیان تەنها لە ئەندامانی یەک گرووپی دیاریکراو پێکهاتووە.

هەمان دۆخ لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی یەکێتی و سەندیکاکان لەگەڵ پرۆسەی چاودێریکردن و بەدواداچوونی کەیسەکانی جیاکاری بەرانبەر کرێکارانی پێکهاتەکان دەبینرێت. نوێنەری ١٣ یەکێتی و سەندیکا (٪٦١.٩) وتوویانە چاودێری و بەدواداچوون دەکەن بۆ کەیسەکانی جیاکاری بەرانبەر بە ئەندامانی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان لە پرۆسەی دامەزراندنی کار و کەیسەکانی جیاکاری لە شوێنی کارکردن. نوێنەری ٥ یەکێتی و سەندیکا (٪٢٣.٨) ئاماژەیان بەوەداوە کە تەنها کاتێک بەدواداچوون ئەگەر کە سکاڵایەکی ڕاستەوخۆیان پێ بگات، لە کاتێکدا ٣ یەکێتی و سەندیکا (٪١٤.٣) وتوویانە ئەم بابەتە لە ئەولەویاتی کارەکانیان نیە.

چالاکیەکانی وەک هۆشیارکردنەوە و هەڵمەتەکانی پاڵپشتیکردن لە مافی کرێکارانی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان ناو بەناون و بەردەوام نین. تەنها نوێنەری ٧ یەکێتی و سەندیکا (٪٣٣.٣) وتوویانە بەردەوام چالاکی لەسەر مافەکانی کرێکارانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان ئەنجام دەدەن. زیاتر لە نیوەی یەکێتی و سەندیکاکان (٪٥٢.٤) ئاماژەیان بەوەداوە کە زۆربەی چالاکیەکانیان تەنها لە بۆنە و ڕووداوە تایبەتەکاندا ئەنجام دەدەن. نوێنەری ٣ یەکێتی و سەندیکا (٪١٤.٣) دەڵێن کە ئەم جۆرە چالاکیانە کە تایبەت بێت بە کرێکارانی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان هەر لە ئەولەویاتی کارکردنی ئەواندا نیە.

توێژینەوەیەکی پێشووتری ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی [12] هەندێک کێشەی پەیوەندیدار بە بەشداریکردن و بارودۆخی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان لە کاری سەندیکایی دەخاتەڕوو. هەرچەندە ئەو توێژینەوەیە ڕاستەوخۆ لە بەشداریکردنی پێکهاتەکان لە کاری یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکاندا ناکۆڵیوەتەوە، بەڵام یەکێک لە پێنج فیدراسیۆنی یەکێتیە کرێکارییەکان کە لە توێژینەوەکەدا بەشدار بوون، ئاماژەی بە بوونی جیاکاری لە تۆمارکردنی یەکێتی و سەندیکاکانی کرێکاران کردووە؛ جیاکارییەک کە لەسەر بنەمای ئاینی، نەتەوە، مەزهەب یان وابەستەیی سیاسی بووە. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە

١٢ ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی.(٢٠١٧). ئازادی کاری سەندیکایی و ڕەوشی یەکێتی و سەندیکا کرێکارییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان.


بەربەستەکانی بەشداریکردن تەنها لە ناوخۆی یەکێتی و سەندیکاکاندا نیە، بەڵکو لە سیستەم و ژینگەی دامەزراوەیی و یاسای گشتیشدا دەکرێت هەبن.

بە گشتی، ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن کە بە ووتەی نوێنەری یەکێتی وسەندیکاکرێکاریەکان پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان لە ڕووی نوێنەرایەتیکردنی فەرمیەوە تارادەیەک دۆخیان لە گروپە شکستەبار و پەراوێزخراوەکانی تر باشترە. بەڵام چاودێریکردنی جیاکاری، بەرگریکردن لە مافەکان و بەدواداچوونی کێشەکانیان بەشێوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام ئەنجام نادرێت.

بۆیە، تەنها هەبوونی نوێنەرایەتی بەس نیە؛ پێویستە لەگەڵیدا هەنگاوی بەردەوام بگیرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە جیاکاری و پاراستنی مافەکانی کرێکارانی سەر بەپێکهاتەکان.

**بۆ ئەوەی بەشداریکردنی پێکهاتەکان ڕاستەقینە و کاریگەر بێت، پێویستە یەکێتی و سەندیکاکرێکاریەکان:**

* دڵنیابن لەوەی کرێکارانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە سەرکردایەتی و شوێنەکانی بڕیاردانداد نوێنەرایەتی دەکرێن.
* ڕێسا و ڕێنمایی ڕوونیان هەبێت بۆ ڕێگریکردن لە هەر جۆرە جیاکارییەک لە ئەندامبوون، دامەزراندن و شوێنی کاردا.
* بەردەوام جیاکاری و سکاڵاکان چاودێری بکەن و بەدواداچوونیان بۆ بکەن.
* بەردەوام هۆشیاری بڵاو بکەنەوە و بەرگری لە مافەکانی کرێکارانی سەر بە پێکهاتەکان بکەن.
* پەیوەندی و هاوکاریی بەردەوام لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پێکهاتەکان و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بکەن.



### 5. بابەت و خاڵەهاوبەشەکان لەنێوان گروپە جیاوازەکان:

| بابەت و خاڵە هاوبەشەکان | ئاماژە و نیشاندەرەکان |
|---|---|
| بەشداریکردنی فەرمی لە بەشداریکردنی ڕاستەقینە و کاریگەر بەهێزترە | ئەندامبوون و هەبوونی سیاسەت و ڕێنمایی گشتی زۆرتر دەبینرێت، بەڵام نوێنەرایەتی لە سەرکردایەتی و دەسەڵاتی بەشداریکردن لە بڕیارداندا کەمترە. |
| پشتیوانیی تایبەت و دیاریکراو هێشتا سنووردارە | زۆرێک لە خزمەتگوزارییەکان گشتین و بە تەواوی وەڵامی پێداویستیەکانی دەستپێگەیشتن، زمان، یان بەربەستە تایبەتەکانی هەر گرووپێک نادەنەوە. |
| هەنگاوە کرداریەکان زۆرجار بە شێوەی کاتی و ناوبەناون. | هەندێک یەکێتی و سەندیکا تەنها دوای وەرگرتنی سکاڵا یان لە بۆنە و ڕووداوە تایبەتەکاندا هەنگاوی کرداری دەنێن، نەک لە ڕێگەی چاودێری و پلاندانانی بەردەوامەوە. |
| جۆرێک لە خۆلادان لە بەرپرسیاریەتی هەست پێدەکرێت و هەندێک جار بەرپرسیارێتی دەخرێتە ئەستۆی حکومەت | هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە گونجاندن و بەشداریکردن، بە تایبەتی دامەزراندنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، زیاتر وەک بەرپرسیارێتی دەسەڵاتە گشتییەکان سەیر دەکرێت. |
| ئاستی بەشداریکردن لە نێوان گرووپە شکستەبار و پەراوێزخراوەکان جیاوازە. | نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان تا ڕادەیەک باشترە، بەڵام کرێکارانی کۆچبەر و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هێشتا نوێنەرایەتی و پاڵپشتی تایبەتی کەمتریان هەیە. |

### 6. دەرئەنجام و هەنگاوەکانی داهاتوو

ئەنجامەکانی ئەم پوختەی سیاسەتە ئەوە پیشان دەدات کە یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەندێک هەنگاویان ناوە بۆ ناساندن و پشتگیری لە ماف و بەشداریکردنی کرێکارانی گروپە شکستەبار و پەراوێزخراوەکان. بەڵام، بە گشتی، گشتگیری زیاتر لە ئاستی سیاسەت و ڕێنمایی و مافی ئەندامبووندا دەبینرێت، لە کاتێکدا نوێنەرایەتیکردن لە سەرکردایەتی، خزمەتگوزاریی تایبەت، پاڵپشتیکردنی بەردەوام لە مافەکان و چاودێریکردن و بەدواداچوون هێشتا لاوازن.

گرنگترین کەلێنەکان بریتین لە نەبوونی نوێنەری کرێکارانی کۆچبەر لە پۆستەکانی سەرکردایەتی و نەبوونی پێکهاتە و میکانیزمی بەهێز و بەردەوام بۆ بەشداریکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت. بۆ باشترکردنی ئەم دۆخە، پێویستە یەکێتی و سەندیکاکان سیاسەت و ڕێنمایی ڕوون و جێبەجێکراو دابڕێژن، پێکهاتەو لیژنەی نوێنەرایەتیکردن دروست بکەن، بەرنامە و خزمەتگوزاریەکان بۆ هەمووان گونجاو و دەستپێگەیشتوو(Accessible) بکەن، چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوام ئەنجام بدەن، و هەماهەنگی هاوبەشیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو کرێکارانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو کێشانەوە هەیە پەرەپێبدەن.

لەم چوارچێوەیەدا ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پێشنیار دەکات بۆ بەهێزکردنی نوێنەرایەتی و بەشداریکردنی ڕاستەقینەی گروپە شکستەبار و پەراوێزخراوەکان لە ناو یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکاندا. ئامانج لە خستنەڕووی ئەم پێشنیارانەش ئەوەیە بڕیاردان و بەشداریکردنەکان گشتگیرتر بن، خزمەتگوزاریەکان باشتر وەڵامی

پێداویستیی گروپە جیاوازەکان بدەنەوە، هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی بەهێزتر بێت، و بەشداریکردنی کرێکارانی شکستەبار و پەراوێزخراو بە شێوەیەکی بەردەوام مسۆگەر بکرێت.

* **دانانی سیاسەتی ڕوون و جێبەجێکراو بۆ گشتگیری و بەشداری ڕاستەقینە:** ڕێسا و ڕێنماییە ناوخۆییەکان پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت، گرووپە شکستەبار و پەراوێزخراوەکان بە ڕوونی دیاری بکرێن، مافی نوێنەرایەتیان بناسێنرێت، بەرپرسیارێتیی هەر لایەنێک دیاری بکرێت، و پلانی کاتی جێبەجێکردن وبڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و زانیاری دابنرێت.

* **دروستکردنی کۆمیتە/لیژنە و تەرخانکردنی کورسیی تایبەت بۆ نوێنەرایەتیکردن:** کۆمیتە یان لیژنەی تایبەت دروست بکرێن بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندام، کرێکارانی کۆچبەر و پەنابەر، پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان. هەروەها، کورسی کۆتایان بۆ تەرخانبکرێت لە دەستەی جێبەجێکار و پێکهاتەکانی بڕیاردانا.

* **دابینکردنی ڕاهێنانی گونجاو بەپێی پێداویستی گرووپە جیاوازەکان:** ڕاهێنانەکان بە شێوەیەک ئامادە بکرێن کە هەموو کەسێک بتوانێت بە ئاسانی بەشداریان تێدا بکات؛ وەک دابینکردنی وەرگێڕانی زمانی ئاماژە، ئامرازی دیجیتاڵی گونجاو، گونجاندنی شوێنەکان، خزمەتگوزاری زمان و بەرنامەی پەرەپێدانی توانای سەرکردایەتیکردن.

* **دروستکردنی میکانیزمی بەردەوام بۆ چاودێری و سکاڵا:** ڕێگای نهێنی و ئاسانی پێشکەشکردنی سکاڵا دابنرێن، کەیسەکانی جیاکاری تۆمار بکرێن، بەدواداچوونیان بۆ بکرێت لەگەڵ خاوەنکار، بەپێی پێویست کەیسەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بنێردرێن (Referral)، و ساڵانە داتا و ئەنجامەکان لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی تێرو تەسەل بڵاو بکرێنەوە.

* **هەڵمەتەکانی هوشیاری و پاڵپشتیکردن:** هەڵمەتەکانی هوشیاری و پاڵپشتیکردنی تایبەت بە کرێکارانی گروپە شکستەبار و پەراوێزخراوەکان زیادبکرێن، چیرۆکی سەرکەوتنی کرێکاران بە بەردەوامی بڵاوبکرێنەوە، زانیاری دەربارەی مافەکان و گفتوگۆ لەگەڵ خاوەنکاران ببنە بەشێکی گرنگ لە پلانی ساڵانە و بودجەی یەکێتی و سەندیکاکان، نەک تەنها لە بۆنە و ڕۆژە نێودەوڵەتیەکاندا ئەنجام بدرێن.

* **دروستکردنی هاوبەشی و هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:** یەکێتی و سەندیکاکان هاوبەشی و هەماهەنگیان پەرەپێبدەن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان، ڕێکخراوەکانی پشتگیریی کۆچبەران و پەنابەران، ڕێکخراوەکانی ژنان و گەنجان، گرووپەکانی بەرگری لە مافی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان، و ئەو دامەزراوانەی کە خزمەتگوزاری یاسایی و مافەکانی مرۆڤ پێشکەش دەکەن.

* **دارشتنی میکانیزمی بەدواداچوون و میتۆدەکانی پێوانەکاری:** یەکێتی و سەندیکاکان میکیانیزمەکانی بەدواداچوون و میتۆدەکانی پێوانەکاری دابرێژن لە ڕێگای چاودێریکردنی بەردەوام، کۆکردنەوەی داتای وورد، دروستکردنی داتابەیسی تایبەت لە پێناو زانینی ئاستی بەرەوپێشچوون. ئەمەش بۆ ئەوەی بزانرێت چەند کەس لە کرێکارانی ئەم گروپە جیاوازانە لە سەرکردایەتیدا نوێنەرایەتی دەکرێن، چەند سکاڵا پێشکەش دەکرێن و چارەسەر دەکرێن، چەند ڕاهێنانی گونجاو ئەنجام دەدرێن، چەند کەمپین و چالاکی ئەنجام دەدرێن، چەند بەدواداچوون لەگەڵ خاوەنکاران دەکرێ، چەند هاوبەشی دروست دەکرێت، چەند بودجە بۆ ئەم بوارە تەرخان دەکرێ، و چ گۆڕانکارییەک لە ڕێسا ناوخۆییەکاندا ئەنجام دەدرێت.

**ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی**


بۆ پەیوەندیکردن:

هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق

ژ.تەلەفۆن: 07707600575

وێب: www.pfo-ku.org

ئیمەیڵ: pfo@pfo-ku.org